زانکۆی صلاح الدین/ هەولێر
کۆلێژی ئەدەبیات/جوگرافیا
قۆناغی چوارەم / ئێواران

# ئەمریکای باشوور

مامۆستای بابەت

سۆزان صدیق علی
sozan.ali@su.edu.krd

2022-2023



أمريكة الجنوبية
سياسياً
البحر الكاريبي
كاراكاس
فنزويلا
جورج تاون
باراماريبو
كايين
بوغوتة
كولومبية
خط الاستواء
نهر الأمازون
الاكوادور
البرازيل
ليمة
بوليفية
لاباز
برازيلية
الباراغوي
مدار الجدي
سانتياغو
بونس ايرس
الأورغواي
المحيط الأطلسي
جزر فوكلند

## بابەت

یەکەم / شوێن و ڕووبەر

دووەم/ جیۆلۆجیای ئەمریکای باشوور

سێیەم/ بەرزی و نزمی کیشوەری ئەمریکای باشوور

چوارەم/ ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکای باشور

پێنجەم/ هەرێمە ئاووهەواییەکانی کیشوەری ئەریکای باشور

شەشەم/ خاك لە کیشوەری ئەمریکای باشور

حەوتەم/ دەرامەتی ئاو لە کیشوەری ئەمریکای باشور

هەشتەم/ هەریمەکانی ڕووەکی سروشتی

نۆیەم/ دانیشتوانی ئەمریکای باشوور

١- دانیشتوانی ڕەسەنی کیشوەری ئەمریکای باشور

٢-دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان لە کیشوەری ئەمریکای باشور

دەیەم / چالاکی ئابوری لە کیشوەری ئەمریکا باشور

١- چالاکی پیشەسازی لە کیشوەری ئەمریکای باشور

٢- چالاکی بازرگانی لە کیشوەری ئەمریکای باشور

٣- چالاکی گەشت و گوزار لە کیشوەری ئەمریکای باشور



یەکەم /شوێن و ڕووبەر /

## ١-شوێنی فەلەکی

سەبارەت بە شوێنی فەلەکی کیشوەری ئەمریکای باشوورە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ١١ پلەی باکور راس گالیناس و ٥٦ پلەی باشوور لە نێوان دەریای کاریبی لە باکور و ڕاس هۆڕن لە باشور .

هەروەها درێژ دەبێتەوە لە نێوان هێلەکانی درێژی ٣٥ پلەی ڕۆژئاوا تاوەکو ٨١ پلەی ڕۆژئاوا

## ٢- شوێنی جوگرافی

لە ڕووی جوگرافیەوە کیشوەری ئەمریکای باشور دەکەوێتە باشووری رۆژهەلأتی ئەمریکا باکور ، پێچەوانەی ئەو هەڵە باوەی کە دەڵێت ئەمریکای باشوور ڕاستەوخۆ دەکەوێتە باشوری ئەمریکای باکور ، بە وورد بونەوە لە نەخشەی جیهان بۆمان ڕوون دەبێتەوە

# نەخشەی ئەمریکا باشور

## شوێنی فەلەکی ئەمریکای باشوور




## شوێنی جوگرافی ئەمریکای باشور



دەبینین کە جۆرێك لە لادان هەیە بەرەو ڕۆژهەڵات بە نزیکەی ١٥ پلە درێژ دەبێتەوە لەگەڵ هاوتاکەی لە باکور ، کەنارەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بە ڕوونی نزیك دەبێتەوە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا ، قارەی ئەمریکای باشوور لەسەر شێوەی دوورگەیەکی گەورەیە لە هەموو لاکانی بە ئاو دەوردرواوە، لە خۆرئاواوە بە زەریای ئارام دەور دراوە ، لە خۆرهەڵاتەوە زەریای ئەتلەسی درێژدەبێتەوە ،سوڕانەوەکەی تەواو دەکات لە باکوری کیشوەرەکە لە سنوری دەریای کاریبی ، بەڵام لە باشوریشدا ئاوی ئەتلەسی و ئارام تێکەڵ بە یەك دەبن بۆ پێکهێنانی زەریایەك کە ئەمریکای باشور جیا دەکاتەوە لە کیشوەری بەستەڵەکی باشور.

ڕووبەری ئەمریکای باشوور ١٧,٨٣٢,٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە نزیکەی ١٣٪ ڕووبەری جیهان دەبێت ، هەروەها ڕووبەرەکەی هێندەی سێ لەسەر چواری ڕووبەری ئەمریکای باکورە واتە کەمێك بچوکترە لە ئەمریکای باکور ، و بە چوارەم کیشوەر دادەنرێت لە ڕووی ڕووبەرەوە لە پاش هەریەك لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکا باکور

## دووەم / جیۆلۆجیای کیشوەری ئەمریکای باشور

ئەمریکا باشور بەشێکە لە کوتلەی کۆن کە لە لایەن جیۆلۆجیەکان ناسراوە بە کیشوەری گۆندوانالاند ، کە پێك دێت لە ئوسترالیا و و مەدەغشقر، نیمچە دوورگەی دکن ، ئەفریقیا و ئەمریکای باشور و ئەنتارکتیکا.



TRIASSIC
200 million years ago



به بۆچوونی فنجر A.L.Wegner هێزی هەڵکشان کە لە ئەنجامی هێزی ڕاکێشانی خۆر و مانگ بۆ زەوی کە بۆتە هۆی لێك جیابونەوەیان کە ئێستا دەناسرێت بە هەردوو ئەمریکا لە بەشی ڕۆژئاوا ، و کۆمەڵی ڕاستی کەش و هەوای و ڕووەکی و جیۆلۆجی هەن کە پشتگیری ئەم بیردۆزە دەکەن ، ڕاستی ڕووەکی بە دیار دەکەوێت لە جیاوازی ڕووەکەکانی دوورگەی هوان فیرناندز لەگەڵ ڕووەکەکانی کەناری شیلی ، هەروەها لێك چوونی گەورەی نێوان کەنارەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئەتلەنتیك لە ڕووی بنەڕەت و پێکهاتەی جیۆلۆجی و شێوەی گشتی هێلی کەنارەکانبە شێوەیەکی گشتی کیشوەری **ئەمریکای باشور لە ڕووی جیۆلۆجی دابەش دەبێت بۆ سەر سێ بەش**

١- کوتلەی ڕۆژهەلاتی کۆن

٢- حەوزە نیشتەنیە نزمەکان

٣-چیا پێچە نوێیەکان لە ڕۆژئاوا

## ١–كوتلەی ڕۆژهەلاتی كۆن /

كوتلەكانی غیانا و بەڕزایل و پتاگۆنیا دەگرێتەوە

ئەم كوتلەیە لەسەر شێوەی ناوكێكی سەرەكیە كە كیشوەرەكەی لە دەور دروەست بووە خاكەكەی بە ووشكانی ماوەتەوە لە سەردەمە جیۆلۆجیەكاندا تەنها ناوچە پەراوێزەكان نەبێت كە دووچاری پەلاماری دەریای بۆتەوە لە بارودۆخی دەگمەن .

پێكهاتەی كوتلەی ڕۆژهەلاتی كۆن لە بەردی كۆن پێك دێت لەگەڵ هاتنە ناوەوەی بەردی گرانیت ، هەروەها نوێترین پێكهاتە لەم بەشە پێكهاتەی سەردەمی كامبریە بەستراوەتەوە بە پێكهاتەی سەردەمی دیفۆنی كە بەردە لمیی سوری داپۆشیوە كە ئەم جۆرە بەردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرمی و كریتاسی كە بەشێكی گەورە لە كوتلەی غیانا (جیانا) و بەشی باكوری ڕۆژهەلاتی بەڕازیل دەگرێتەوە وە هەروەها لە هەندێ ئاراستەی تر بە دیار دەكەوێت لە لێوارەكانی حەوزی بارانا و پەراوێزەكانی ڕۆژهەلاتی بەرزاییەكانی ئەندێز .

**کوتلەی بەڕازیل** لە ماوەی مێژووی جیۆلۆجی تووشی چەندان جوڵەی تەکتۆنی بۆتەوە کۆتا جوڵەی بەرزبونەوەی لە سەرەتاکانی سەردەمی سێ یەم بووە کە شوێنەواری ئاشکرای لەسەر ڕووەکەی بە جێ هێشتووە .و پرۆسەکانی ڕامالّینی دەرەکی بووە هۆی جیاکردنەوەی ئەم بانە لە کۆمەڵە بانەکانی تر کە هەریەکەیان ناوێکی تایبەت بە خۆی هەڵگرتووە وەك بانی ماتوگرۆسۆ، بانی جوباز ، وبە ئاشکرا درز لە لایە لێژەکانی ئاراستەی زەریای ئەتلەنتی بە دیار دەکەوێت .

**بانی پتاگۆنیا** درێژبۆوەی بانی غیانا و بانی بەڕازیلە کە هەموویان پێکەوە ئاماژن بۆ پێکهاتەی بلوری چیای کۆن کە نیشتەنیە نوێکان دایانپۆشیون ،بە هۆی جولەکانی بەرزبونەوە کە لە بەشێك لە بەرزاییەکانی فارسکی کە لە زەمەنی یەکەم ڕوویداوە بۆتە هۆی درز تێکەوتن لەم بانانە

## ٢- حەوزە نیشتەنیە نزمەکان:

دەکەوێتە ناوچە دەشتایەکانی ناوەڕاست کە جیا دەکرێتەوە بە نزم بونەوەی و کەم بونەوەی لە نێوان کوتلەی ڕۆژهەڵات و پێچەکانی ئەلبە نوێکان بە تایبەتی لە بەرزاییەکانی ئەندێز ، ئەم دەشتە پێشتر لە ژێر ئاوی دەریا جیۆلۆجیەکان بووە، دواتر ئاوەکە نزم بۆتەوە و نیشتەنیە دەریایەکانی سەردەمی دووەم و سیٚ یەمی لەسەر ڕووەکەی بە جیٚ هێشتووە ، پاشان پڕ بۆتەوە بە نیشتەنی کیشوەرەکان کە نیشتوون لە ئەنجامی پرۆسەکانی با و ڕووبارەکان ،هەروەها بەشێکی زۆری داپۆشراون بە نیشتەنی لافاوەکان لە ناو زۆنگاوەکان کە ڕووبەرەکەی بە نسبەت کیشوەرەکە زیاترە لە هەشت ملیۆن کیلۆمەترچوارگۆشە، ئەم بەشە چەند حەوزێکی ڕووباری لە خۆدەگرێت لە گرنگترینیان حەوزی ئەمازۆن،ئۆرینوکو، بارانا

## ٣- چیا پێچە نوێكان لە ڕۆژئاوا/

پێك هاتوون لە بەردی نیشتەنی كە لە بنەڕەتەوە نیشتوون لە دەریا ناوەكیە گەورەكان كە درێژبونەتەوە بە درێژایی سنورەكانی ڕۆژئاوا و باكوری ناوكێكی ڕەق ، ئەم كەڵكە بووە نیشتەنیانە بە هۆی ناسەقامگیری و پێچەكان لە كۆتاییەكانی سەردەمی مایۆسین دروست بوون لە ئەنجامی جوڵەی بەرز بونەوە لە زنجیرەكان، هەروەها چالاكیە گڕكانیەكان تائێستاش بەردەوامن و ڕوودانی بومەلەرزە ڕووخێنەرەكان كە ئەم كۆتایانەش بەردەوام بوون هەروەك ڕوویدا لە ساڵی ١٩٦٠ كە بووە هۆی زەمینە لەرزەیەك بەهێز لە باشووری شیلی و دروست بوونی بومەلەرزە و زیانێكی زۆری بە دامەزراوەكان گەیاند

چیاكانی ئەندێز دووچاری ژمارەیەك لە درز بۆتەوە كە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر شێوەی تۆپۆگرافی لە ئیكوادۆر و پیرۆ و لەسەر دۆڵە درێژەكان كە بە شێوەیەكی تەریب درێژبۆتەوە لەگەڵ زنجیرە چیاكان وەك دۆڵی كوكا و دۆڵی مجدلینا و دۆڵی ناوەڕاست لە شیلی ، چیاكانی ئەندێز لە ڕوانگەوی زۆربەیان بریتیە لە

درێژبۆوەی كۆمەڵەی بەرزایەكانی باسفیك لە كیشوەری ئەمریكای باشوور ، كە هەموویان لە باكور بەرەو باشوور درێژ دەبنەوە و هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك جوڵەی بۆماویی كە ڕوویداوە لە ناو جوڵەی ئەلبی چیاكان لە سەردەمی مایۆسین (جوڵەی ئەلبی) و ئەو پەستانەی كە بە شێوەیەكی بنچینەی لە لاكانی ڕۆژهەلأتی ڕوویداوە ،هەربۆیە پێكهاتە جیۆلۆجیەكانی كەمتر جیاوازن لە ئەندێز لەوانە ڕۆكی كە بەرزیەكی زۆری هەیە و كەمتر فراوانە .

## سێ یەم /بەرزی و نزمی کیشوەری ئەمریکای باشوور/

کیشوەری ئەمریکای باشوور بەوە جیا دەکرێتەوە کە بەرزی و نزمیەکی سادەدەی هەیە کە دەتوانین بە ئاسانی دابەشی بکەین بۆ سێ بەش

١- بانەکانی ڕۆژهەلأت

٢- زنجیرە چیاکانی ئەندێز لە ڕۆژئاوا

٣- دەشتەکانی ناوەوە

## ١- بانەکانی ڕۆژهەلأت

ئەم بانانە پێك دێن لە بانی غیانا لە باکور ، بانی بەڕازیل لە باکور ، بانی پتاگۆنیا لە باشوور.

## ١- بانی غیانا/

زۆربەی بەشەکانی ئەم بانە دەکەوێتە فەنزوێلا ، بەرزی ئەم بانە لە بەشی ڕۆژئاوا دەگاتە ٩٠٠م ، بەلأم لە بەشی ڕۆژهەلأت بەرزیەکەی دەگاتە ٣٠٠م و هەندێ بەشی تری بەرزییەکەی دەگاتە ٥١٠٠م ، ئەو بانە بە شێوەیەکی سەخت دەڕوانێتە سەر حەوزی ئەمەزۆن بەلأم لێژایەکەی پلە بە پلە بە ئاراستەی باکور بە تایبەتی بەرەو دەشتی لانۆس درێژ دەبێتەوە هەندێ جار دەناسرێتەوە بە دەشتی ئۆرینکۆ ،ئەم بانە پێك دێت لە بەردی بلوری کۆن کە زۆربەیان بەردی گڕانیت و نایس و شست ، لەم لایەنە لێك چووە لەگەڵ بانی لۆرەنسی کۆن و بەرزاییەکانی لاپلاشە کە بەشێکە لەو ناوکە کۆنەی کە کیشوەرەکە لە دەوری دروست بووە .

## ٢- بانی بەڕازیل/

بە گەورەترین بان دادەنرێت لە جیهان لە ڕووی فراوانی و تەمەنی هاوشێوەی بانی غیانا یە لە ڕووی تەمەنی جیۆلۆجی و شێوەی گشتی ڕووبەرەکەی ١ ملیۆن میل چوارگۆشەیە(٢,٥٦٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە شێوەیەکی نزیك سێ گۆشەی هەیە وەك زەریای ئەتڵەنتی، ، زۆربەی بەشەکانی دەکەوێتە وولاتی بەڕازیل بەرزایی ئەم بانە کەم دەبێتەوە بەرەو حەوزی ئەمەزۆن ،بەلاّم چەند بەرەو ڕۆژهەلاّت بڕۆین ئەو ناوچانە بەرز دەبێتەوە بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٤٠٠م، ئەو بانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە سەر زەریای ئەتڵەسی کە دەشتی کەناری تەسك لێکیان جیا دەکاتەوە ، بەشی ناوەڕاستی بە تایبەتی ئەو بەشە(ڕۆدی جانیرۆ-ساوپالۆ) ئەم بەشە تووشی شکان بووە بە شێوەی دیوارێکی شکاو بە دیار دەکەوێ ، دەتوانین بلێین بەشی باکورەکەی فراوانترە چەند بەرەو باشوور بڕۆین ئەو بانە تەسك دەبێتەوە


## ٣- بانی پتاگۆنیا/

ئەم بانە دەکەوێتە وولاًتی ئەرجەنتیە لە لای باشوری کیشوەری ئەمریکا باشوور ،بەرزییەکەی لە نێوان ٣٠٠- ٩٠٠ مەترە، پێکهاتەکەی هەروەك بانی بەڕازیل و بانی غیانا یە کە پێك دێت لە بەردی بلوری کۆن ، ئەم بانە بەرزی کەم و ڕووبەرەکەشی بچوکتر لە بانەکانی تر ، چینە نیشتەنیە ئاسۆییەکان دایاپۆشیوە ئەم بانە دەکەوێتە نێوان چیاکانی ئەندێز لە ڕۆژئاوا و و زەریای ئەتڵەسی لە ڕۆژهەلاًت


البحر الكاريبى
خليج بنما
نهر الأورينوكو
هضبة جيانا
خط الاستواء
نهر الأمازون
المحيط الهادى
جبال الأنديز
هضبة البرازيل
نهر باراجواى
مدار الجدى
نهر بارانا
سهول لابلاتا
(البمباس)
نهر لابلاتا
المحيط الأطلنطى
هضبة باتاجونيا
جزر فوكلاند
مضيق
ماجلان
رأس هورن

## ٢- زنجیرە چیاكانی ئەندێز لە ڕۆژئاوا/

بەرزاییەكانی ئەندێز پێك دێن لە كۆمەڵە بەرزاییەك ، ئەم زنجیرە چیایە گەورەترین پشتێنەی چیای پێك دێنێت لە نیوەی جیهانی ڕۆژئاوا كە درێژ دەبێتەوە بێ پچڕان لە ئاراستەی باكوور بۆ باشوور بۆ ماوەی ٦٥٠٠ كیلۆ مەتر و ناوەندی بەرزی ٤٠٠٠ مەتر ،بەرزاییەكانی ئەندێز لە كەنارەكانی دەریایی كاریبی دەست پێ دەكات بە سێ زنجیرەی سەربەخۆ ئەوانیش (ئەندێزی باكور،ئەندێزی ناوەڕاست ، ئەندێزی باشوور) ، زنجیرە چیاكانی باكور هاوتەریب دەبن لەگەڵ زنجیرەی ناوەڕاست لە زۆربەی بەشەكان دەبێتە هۆی بەدیاركەوتنی دۆڵی تەسك كە تەنیشتەكانی زۆر لێژن وەكو دۆڵی (ماجدالینا) ئەو سێ زەنجیرە لە هەندێك ناوچە یەك دەگرن و دەبنە هۆی دروست بوونی یەك زنجیرە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی بە دیاركەوتنی كۆمەڵێ بانی چیایی ئەو بانانە فراوانتر و بەرزتر دەبن لە پۆلیڤیا و دەناسرێن بە بانە بەرزەكانی ئەڵتی پلانۆ بەرزایی ئەو بانە ٣٦٠٠م ، پاشان زنجیرەی ئەندێز دەست بە فراوان بوون دەكات ئەوپەڕی فراوان بوونی دەگاتە



البحر الكاريبي
المحيط الأطلسى
سييرا باكارايما
مرتفعات غويانا
نهر نجرو
نهر الامازون
حوض الامازون
خط الاستواء
هضبة بوربوريما
مرتفعات البرازيل
هضبة ماتو جروسو
مدار الجدى
المحيط الأطلسى
المحيط الهادى
جزر جوان فيرناندز
خليج سان جورج
جزر فوكلاند
الأرتفاعات بالمتر

١٥–٢٥ پلەی باشور و فراوانیەکەی دەگاتە ٨٠٠ کم ، زنجیرەی ئەندێز فراوانیەکەی کەم دەکات لە هەندێك ناوچە وەکو شیلی کە دەگاتە ٣٢ کم.

ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕێرەوی چیای هەیە لەم ناوچەیە(بەرزاییەکانی ئەندێز) بەرزایی ئەم ڕێڕوانە دەگاتە ٣ هەزار مەتر .

کەمی ژمارەی ڕێڕەوەکان لە لایەك و بەرزاییان لە لایەکی تر و بەرزایی قەدپاڵەکانیان لە لایەنی سێ یەم زەحمەتی زۆری دروست کردووە بۆ ڕاکێشانی ڕێگاو بان لە نێوان کەنارەکانی باسفیکی و بەشی ناوەوەی کیشوەرەکە.

چیای ئەندێز بەوە ناسراوە کە فراوانیەکەی کەمترە لە چیای ڕۆکی بەڵام بەرزترە بەرزایی هەندێك لە لوتکەکانی چیای ئەندێز دەگاتە ٧٢٠ مەتر وەك چیای (اکوانکاجوا) کە دادەنرێت بە بەرزترین لوتکە لە هەردوو ئەمریکا، بە هۆی ئەم بەرزایە دەبینین بەشێکی گەورە لە چیای ئەندێز دەکەوێتە هێلی بەفری بەردەوام

## ٣-دەشتەكانی ناوەوە/


بریتین لە دەشتی نزمی فراوان دەكەوێتە نێوان بەرزاییەكانی ئەندێز ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلأت كۆمەلێك حەوز و ڕووبار لە ناو ئەم دەشتانە تێپەڕ دەبن ،ئەم دەشتانە پێشتر بەشێك بوون لە ژێر دەریاكان دواتر بە هۆی نزم بونەوەی ئاستی ئاوەكان ئەم دەشتانە بە دیار كەوتوون و بە نیشتەنی ئەو دەریایانە داپۆشراون، ئەم دەشتانە نزمن و بەرزی ڕووەكەی ١٥٠ مەتر زیاتر نابێ و ڕووبەرەكەی ٨ ملیۆن كیلۆ مەتر چوار گۆشە واتە نیوەی ڕووبەری كیشوەری ئەمریكای باشوور كۆمەلی حەوزر ڕووباری لە خۆ دەگرێت گرنگترینیان حەوزی ئەمەزۆن حەوزی ئۆرینكۆ حەوزی بارانا و هتد.

## ئەم دەشتانە دەبن بە سێ بەش

## ١- دەشتی سلڤا(ئەمەزۆن)/

دەشتی ئەمەزۆن بە مەزنترین دەشت دادەنرێت لە ئەمریکای باشوورئەم دەشتە ڕووبەرەکەی دەگاتە ٥ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە ،ئەم دەشتە دەکەوێتە نێوان چیای ئەندێز لە ڕۆژئاوا و بانی غیانا لە باکور و بانیبەڕازیل لە باشوور ، ڕووباری ئەمەزۆن بە ناو ئەم دەشتە دەڕوات کە دادەنرێت بە دووەم گەورەترین ڕووبار دادەنرێت لە جیهان فراوانی ئەم دەشتە لە بەشی ڕۆژئاوا دەگاتە ١٢٨٠کم و چەند بەرەو ڕۆژهەلاَت بڕۆین ئەم دەشتە تەسك دەبێتە دەبێت بە ١٦٠کم ، ئەم دەشتە دەناسرێت بە زۆری باران بارین و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە زەلکاو و بەرزی پلەی گەرمای چونکە لە هێلی یەکسان نزیکە

شكل رقم (١) تضاريس أمريكا الجنوبية



## ٢- دەشتی لانۆس (ئۆرینکۆ)/

ئەم دەشتە ڕووبەرێ فراوان لە کیشوەری ئەمریکای باشوور داگیر دەکات ، لەسەر شێوەی حەوزێکی نیشتەنی دەکەوێتە نێوان بانی غیانا و چیای ئەندێز ، ڕووباری ئۆرینکۆ بەم دەشتە تێ دەپەڕێت کە سەرچاوەکەی لە قەدپاڵکانی ڕۆژهەلاتی چیای ئەندێزە و ئەم ڕووبارە بە دەلتایەك کۆتایی دێت لە نزیك دوورگەی ترینداد، بە هۆی زۆری باران بارین ئەم دەشتە بە گژو گیای درێژ دادەپۆشرێت کە لەوەڕگایەکی گرنگی ئاژەڵە

## ٣– دەشتی بمباس (لاپلاتا)/

ئەم دەشتە دەکەوێتە نێوان بانی بەڕازیل لە باکور و بانی پتاگۆنیا لە باشوور و چیای ئەندێز لە ڕۆژئاوا ، بە گرنگترین دەشت دادەنرێت لە کیشوەرەکە لە لایەنی ئابووری ،ڕووباری لاپلاتا بە ناو دەشتە تیٚ دەپەڕێت کە پێك دێت لە یەککگرتنی هەردوو ڕووباری (بارانا – پاراگوای) ئەم دەشتە لە بەشی باکور دەناسرێت بە دەشتی جاکو بەلاّم لە بەشی باشوور دەناسرێت بە دەشتی بمباس

## چوارەم / ئاووهەوایی کیشوەری ئەمریکای باشوور

کۆمەڵێك هۆکار هەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکا باشوور گرنگترین ئەو هۆکارانەش

### ١- شوێنی جوگرافی /

ئەمریکای باشوور دەکەوێتە نیوەگۆی باشوور لە نێوان بازنەی پانی ١١ پلەی باکور و ٥٥ پلەی باشوور واتە لەسەر ٦٦ بازنە درێژ دەبی!تەوە ، ئەم شوێنە فەلەکیە وای کردووە ئاووهەوای جۆراوجۆر و جیاواز لەکیشوەرەکە بە دیار بکەوێت ، ئاووهەوای گەرم و مام ناوەند و لە لاکانی باشووری ئاووهەوای سارد

## ٢- شوێنی جوگرافی/

کیشوەری ئەمریکای باشور وەك دوورگەیەکی گەورە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕووێکی ئاوی لە نێوان هەردوو زەریای هێمن و ئەتلەنتی کە هەردووکیان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ئاووهەوای کیشوەرەکە ، لە ڕێگەی ناوچەکانی پەستانی بەردەوام و ئەوەی کە پەیوەندی پێیەوە هەیە لە گەردەلول و کوتلەی دەریای جیاواز لە پلەی گەرما و هەروەها تەوژمە دەریایەکان کە درێژ دەبێتەوە لەسەر کەنارەکانی کیشورەکە لە گرنگترین تەوژمەکانیش کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئاووهەوای کیشوەرەکە بریتین لە تەوژمی ڕۆژئاوای سارد  تەوژمی همبولت، کە بەسەر کەنارەکانی ڕۆژئاوای شیلی و پیرۆ هەڵدەکەن کە دەبێتە هۆی هەڵکردنی  بای بارزگانی باشووری ڕۆژهەلاتی کە دەبێتە هۆی دروست بوونی تەم و ووشکەی لە ناوچە کەناریيەکانی کە پێیدا تێپەڕ دەبن بە تایبەتی ناوچە بیابانەکانی ئەتکاما و لە باکوری ئەم تەوژمی کۆلۆمبیای گەرم وەك لقێك لە خولگەیی

و له کەنارەکانی ڕۆژهەلاّت تەوژمی خولگەیی ئەتلەنتی له بازنەکانی خواروو هەلّدەکەن له باکور بەرو باشور بە ناوی تەوژمی بەڕازیلی گەرم کە لقێکه له تەوژمی خولگەیی باشوور که درێژ دەبێتەوە تاوەکو کەنداوی بۆینس ئایرس و له بەشی خوارەوەی تەوژمی ڤۆکلەندی سارد هەلّدەکات کە لقێکە له تەوژمی جەمسەری باشور کاریگەری ئەم تەوژمە لە باکور له وەرزی زستان دەبێت .

*کاریگەری تەوژمی زەریاکان لەسەر ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکای باشور بە پلەی جیاواز دەبێت لە نێوان کەنارەکانی ڕۆژهەلاّت و کەنارەکانی ڕۆژئاوا و ئەو ناوچانەی کە دەکەونە سەر هەمان هێلی پانی ، کەنارەکانی ڕۆژهەلاّت بۆ باکور له هێلی پانی ٣٥ پلەی باشور زیاتر گەرمە بە بەراورد بە ڕۆژئاوا بە هۆی تەوژمی بەڕازیلی گەرم .

و له باشوری بازنەی پانی ٢٥ پلەی باشور کەنارەکانی ئەتلّنتی ساردترن له کەنارەکانی باسفیك ئەمەش بە هۆی هاتوچۆی تەوژمی ڤۆکلندی سارد له باشور بۆ باکور تاوەکو باشوری کەنداوی بۆینس ئایرس

## ٣- بەرزی و نزمی و شێوەی کیشوەرکە /

ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکای باشور کاریگەر دەبێت بە شێوەی کیشوەرەکە و بەرزی نزمیەکە ، ئەم کیشوەرە ژمارەیەکی زۆر لە چیا و بانی تێدایە وەك چیای ئەندێز کە درێژ دەبێتەوە بە درێژایی کیشوەرەکە لە ڕۆژئاوای لە ڤەنزوێلا بۆ باکوری تاوەکو راس هۆڕن ،کاریگەری بەرزی و نزمی لەسەر ئاووهەوای کیشوەرەکە بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

١- جیاوازی لە بەرزی و نزمی دەبێتە هۆی جیاوازی لە پلەی گەرمی لەسەر هەمان بازنەی پانی ، بۆ نموونە پلەی گەرما لە مەکسیك لەسەر هەمان بازنەی پانی لە ناوچە کەنارییەکان دەگاتە ٢٦ پلەی سەدی لەسەر هەمان بازنە ،١٠ پلەی سەدیە لەسەر چیا و بانەکان .

هەروەها لوتکە بەرزەکان لەسەر چیای ئەندێز و هێلی یەکسان بە درێژایی ساڵ بە بەفر داپۆشراوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی لە ئاستی ڕووی دەریا

له هەمان کاتدا پلەی گەرما له دەشتی ئەمەزۆن لەسەر هەمان بازنەیی پانی دەگاتە ٢٦ پلەی سەدی

٢- بەرزاییەکانی ئەمریکای باشور دەبنە هۆی کەم کردنەوەی پلەکانی گەرما بە تایبەتی ئەو ناوچە بەرزاییانەی کە دەکەوێتە هەرێمی خولگەیی و ئەو ناوچە بەرزاییانە دادەنرێن بە باشترین ناوچە بۆ جێگیر بوون دانیشتوان بە تایبەتی گەر ڕووەکەیان تەخت بێت

٣- بەرزی و نزمی کیشوەرەکە کاریگەری هەیە لەسەر بڕی باران بارین له قەدپالە بەرزەکان کە دەکەوێتە بەرامبەر با بارانی زیاترە لەو قەدپاڵانەی کە دەکەوێتە ژێر سێبەری باران ، بۆ نموونە زۆربەی باران له کەنارەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی بەڕازیل و کەنارەکانی کۆلۆمبیا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بەرزی و نزمی له هەمان کاتدا بەرزاییەکانی ئەندێز بە تایبەتی باکوری بازنەی پانی ٤٠ پلەی باشور ڕێگا نادات

## ٤- شێوەی کیشوەرەکە /

دەتوانین بڵێن شێوەی کیشوەری ئەمریکای باشوور بریتیە لە سێگۆشەیی ، کاریگەریەکەی بەم شێوەیە دەبێت لەسەر ئاووهەوای کیشوەرەکە

١- شێوەی کیشوەرەکە (ئەمریکای باشور) فراوان دەبێت لە ناوچە خولگەیەکان ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕووبەری ئاووهەوایی خولگەیی لەم کیشوەرە ٪٧٥ ڕووبەری کیشوەرەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاووهەوایی خولگەیی لەسەر کیشوەرەکە

٢- شێوەی کیشوەرەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتنی کاریگەری دەریایی لە زۆربەی بەشەکانی کیشوەرەکە ئەمەش بووە هۆی ڕووندانی زێدەڕۆی گەرمی لە ئاووهەوای کیشوەرەکە هەروەها کەمی ڕووبەری ئاووهەوایی ووشك و نیمچە ووشك لەم کیشوەرە

## ٥- گەردەلولی هیریکین/

هەندێك لە بەشەكانی كیشوەری ئەمریكای باشور وەكو دوورگەكانی دەریای كاریبی كەنارەكانی ڕۆژهەلاّتی مەكسیك تووشی گەردەلولی خولگەیی بەهێز دەبێتەوە و دەبێتە هۆی باران بارینێكی زۆر و ڕوودانی لافاوێكی زۆر كە زیانێكی زۆر دەگەیەنێت بەو ناوچانەی كە تووشی دەبێت .

## ٦- تۆپەڵە هەواییەکان /

گرنگترین ئەو تۆپەڵە هەواییانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر ئاووهەوای کیشوەری ئەمریکا باشور بریتیە لە

### ١- تۆپەڵی خولگەیی دەریای/

ئەو تۆپەڵ دادەنرێت بە گرنگترین تۆپەڵە هەواییەکانی کە کاریگەری هەیە لەسەر کیشوەرەکە دروست دەبێت لەسەر ئاوی زەریای ئەتڵەسی باکور و باشور هەروەها زەریای هێمنی باکور و باشور ، ئەو تۆپەڵە هەواییە بەوە ناسراوە کە رێژەی شێ ی بەرزە و فێنکە، جێگیردەبێت لەسەر کەنارەکانی رۆژئاوای شیلی کە دەبێتە هۆی باران بارین لەم بەشە.



٩٠
٨٠
٧٠
٦٠
٥٠
٤٠
البحر الكاريبي
١٠
دائرة
الإستواء
رأس
ساو روك
قارة
أمريكا
الجنوبية
٢٠
مدار الجدي
٣٠
المحيط الهادي
المحيط الأطلنطي
٤٠
٥٠
جزر فوكلاند
مضيق ماجلان
رأس هورن
١٠٠٠ ٠ ١٠٠٠
كم

## ٢- تۆپەڵ هەوای خولگەیی ووشکانی /

ساردبوونی ووشکانی لە وەرزی زستانی باشور ( تەمون) دەبێتە هۆی دروست بوونی تۆپەڵە هەوای خولگەیی ووشك لەو ناوچانەیەی کە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٠ – ٤٠ پلەی باشور و کاریگەریەکی زۆر هەیە لەسەر ئاووهەوا کە دەبێتە هۆی کەمی باران .

## ٣- تۆپەڵە هەوای جەمسەری دەریایی /

ئەو تۆپەڵە هەواییە کاریگەری هەیە لەسەر ئەو بەشە کە دەکەوێتە باشوری بازنەی پانی ٤٠ پلەی باشور بە تایبەتی باشوری شیلی و ئەرجەنتین کە دەکەوێتەژێر کاریگەری تۆپەڵە هەوایی جەمسەری دەریایی بە تایبەتی لە وەرزی هاوین (کانونی دووەم)

## بارودۆخی ئاووهەوا لە کیشوەری ئەمریکای باشور

لەبەر گرنگی هەردوو ڕەگەزی گەرما و داباراین لەسەر ژیانی مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵ و کاریگەری لەسەر چالاکی ئابوری لە ئەمریکای باشوور دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دابەشی بکەین

### ١- پلەی گەرما /

١- ئەمریکای باشور دوو وەرزی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت لە یەك کاتدا ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی فەلەکی کەوا دەکەوێتە هەردوو نیوە گۆی زەوی ، واتە ئەو کاتی دەبێتە هاوین لە نیوەی باکور وەرزی زستان لە نیوە گۆی باشور دەبێت.

٢- ئەمریکای باشور ناسراوە بەوەی کەوا کیشوەرێکی فێنکە ، هەموو بەشەکانی پلەی گەرمای لەسەرەوەی سفری سەدیە بێجگە لەو ناوچە بەرزەکان پلەی گەرمایان نزم دەبێت  و دەگاتە ژێر سفری سەدی ئەمەش دەبێت هۆی بارینی بەفر لەم ناوچانە و بەشەکانی تری ئەم کیشوەرە بەفری لێ ناباریێ.

٣-پلەی گەرمایی کەنارەکان جیاوازە لە بەشەکانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تەوژمی سارد و فێنك کە بە تەنیشت کەناراوەکان دا دەڕۆن

٤- بەرزترین پلەی گەرما لەسەر هێلی یەکسان تۆمار ناکریێ بەلّکو لە دەرەوەی هێلی یەکسان تۆمار دەکرێت .

## ٢- داباراین/

داباراین لە کیشوەری ئەمریکای باشور بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

١- شوێنی فەلەکی ئەمریکای باشور و فراوان بوونی لە ناوچە خولگەیەکان بووە هۆی ئەوەی کە ٧٥٪ ی کیشوەرەکە بکەوێتە ناوچەی خولگەیی و نیمچە خولگەیی و گەیشتنی کاریگەری دەریایی بۆ زۆربەی بەشەکانی کیشوەرەکە بۆیە داباراین بە شێوەی باران دەبێت وە لە ناوچە بەرزاییەکان بەفر دەبێت .

٢- ئەمریکای باشور ناسراوە بەوەی کەوا کیشوەرێکی شێدارە بارانی زۆرە، ڕووبەێکی بچوکی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاووهەوای ووشك و نیمچە ووشك ، ئەم کیشوەرە بەوە ناسراوە کە ووشکایی کەمە .

٣- دەتوانین چەند ناوچەیەك دیاری بكەین لە ئەمریكا باشور كە بڕی بارانی لە ٢٠٠٠ ملم ساڵانە كەمتر نی یە ئەو ناوچانەش بریتین لە

١- حەوزی ئەمەزۆن بە تایبەتی دەشتی ئەمەزۆن زۆری بارانی لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا ئەو ناوچەیە ناوچەیەكی پەستان نزمە ڕێگا دەدات بە بایی بازرگانی بۆ هەردوو نیوە گۆی زەویە لەو ناوچەیە ئەمەش دەبێتە هۆیی باران بارین .

٢- كەنارەكانی دوورگەكانی دەریای كاریبی و ئەمریكای ناوەڕاست زۆربەی بارانی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بایی بازرگانی باكوری ڕۆژهەڵات بە شێوەیەك دەتوانین بڵێن بەردەوامە بە درێژایی ساڵ.

٤- ناوچە کەناریەکانی غیانا لەگەڵ کەنارەکانی باکوری بەڕازیل ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بایی بازرگانی باکوری ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەردەوام

٥- کەنارەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی بەڕازیل زۆربەی باران لەو ناوچەیە دەگەرێتەوە بۆ بوونی بایی بازرگانی باشووری ڕۆژهەڵات و بوونی تەوژمی بەراڕیلی فێنك و بوونی بانی بەڕازیل

٦- ناوچەکانی باشوری شیلی بە هۆی تەوژمی باشوری کەنارەکانی شیلی کە دەگەڕێتە بۆ بوونی بای شێدار بە شێوەیەکی بەردەوام و بوونی هۆکارەی بەرزی و نزمی مەبەستمان چیاکانی ئەندێزە .

٧- کەنارەکانی کۆڵۆمبیا یباسفیکی، هۆی باران بارینی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بایی شێدار کە لە کەنارەکانی زەریای هێمن دێت هەروەها بوونی تەوژمی کەمەرەیی فێنك و چیای ئەندێز.

*ڕووبەری ناوچەی ووشك و نیمچە ووشك لە ئەمریكای باشور بە دیار دەكەوێت

**١-ناوچەی نیمچە ووشك**

بڕی بارانی لە ٥٠٠ ملم زیاتر نی یە سەبارەت بە ناوچە نیمچە ووشكەكان بریتین لە

١- كەنارەكانی ڤەنزوێلا مەبەست لە ناوچە تەسكەكانی ڤەنزوێلایە ئەم ناوچەیە ناسراوە بە كەمی باران هۆكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا با بە لێواری كەنارەكانی هەڵدەكات نەك بە كەنارەكان .

٢-هەرێمی بانی بەڕازیل/ ئەو ناوچەیە بارانی كەمە هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا ئەو ناوچەیە دەكەوێتە سێبەری باران لەبەر بوونی بانی بەڕزایل ،ئەم هەرێمە دەناسرێت بە هەرێمی برسێیەتی و باران

٣- بانی پتاگۆنیا و ڕۆژئاوای ئەرجەنتین / بوونی ئاووهەوایی نیمچە ووشك لە ڕۆژئاوای ئەرجەنتین دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چیای ئەندێز كە ڕێگا نادات بە گەیشتنی كاریگەری دەریایی بۆ ئەم بەشە بەلاَم سەبارەت بە بانی پتاگۆنیا هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمی ڤۆكلندی سارد كە بە لێوارەكانی بەشی ڕۆژهەلاَتی كیشوەرەكە دا تێدەپەڕێت، هەروەها بوونی ناوچەی پەستان بەرز لەسەر بەشی باكوری ڕۆژئاوای ئەرجەنتین بە تایبەتی لە وەرزی زستانە

سەبارەت بە ناوچە ووشكەكان كە بڕی باران بارینیان ٢٥٠ ملم كەمترە


باكوری شیلی و باشوری پیرۆ هۆی ووشكی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمی همبۆلتی سارد و پیرۆی سارد ، ئەم ناوچەیە پەستانی بەرز مانای وایە با لە ووشكانیەوە هەلدەكات بەرەو ناوچەی دەریایەكان

**پێنجەم/هەرێمەکانی ئاووهەوا لە کیشوەری ئەمریکای باشور**

دەتوانین کیشوەری ئەمریکای باشور دابەش بکەین بۆ ئەم هەرێمانەی خوارەوە

**١- هەرێمی ئاووهەوایی کەمەریی باراناوی/**

ئەم هەرێمە بەدیار دەکەوێت لەسەر دەشتی ئەمەزۆن و کەنارەکانی غیانا و کەنارەکانی کۆلۆمبیای باسفیکی ، ئەو ناوچەیە پلەی گەرمای سالأنەی دەگاتە ٢٧ پلەی سەدی و مەودای گەرمی سالأنەی کەمە زیاتر نی یە لە ٣٠ پلەی سەدی ، ئەو ناوچەیە بارانی بە درێژایی سالّ لێ دەباری و بڕەکەشی لە ٢٠٠٠ ملم ، بەلأم لەگەلّ ئەوەشدا بڕی بارانەکەی بە درێژایی سالّ جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر


الأقاليم المناخية في أمريكا الجنوبية
الشمال
المحيط الأطلسي
خط الإستواء
المحيط الهادي
تيار البرازيل
مدار الجدي
الأقاليم المناخية
مناخ مداري شديد الرطوبة
مناخ مداري رطب
مناخ إستوائي
مناخ جبلي
مناخ صحراوي
مناخ البحر المتوسط
مناخ مداري معتدل
مناخ معتدل قاري
مناخ قطبي
التيارات البحرية
تيار بحري بارد
تيار بحري حار

mo3alem.com

## ٢- هەرێمی ئاووهەوایی خولگەی دەریایی /

ئەو هەرێمە دەناسرێت بە هەرێمی ئاووهەوایی بازرگانی و بەدیاردەکەوێت بە درێژایی کەنارەکانی ڕۆژهەلاّتی بەڕازیل تا دەگاتە خولگەی کاژۆلّە هەروەها بە دیاردەکەوێت لە کەنارەکانی ئەمریکای ناوەڕاست و دوورگەکانی دەریای کاریبی ، ئاووهەوای ئەم هەرێمە گەرمە و تێکڕایی گەرمی کەمتر نی یە لە ٢١ پلەی سەدی ، و مەودای گەرمی سالأنەی بچوکە و بارانیشی بە درێژایی سالّ لیّ دەبارێت و بڕەکەشی ٧٠٠-١٥٠٠ ملم دەبێت.

## ٣- هەرێمی ئاووهەوایی گەرمی شێدار /

ئەو هەرێمە بە دیار دەکەوێت لە ناوچە بەرزەکان و دەناسرێت بە ئاووهەوای مۆنتانا ، بە دیاردەکەوێت لەسەر بانە خولگەیەکان بە تایبەتی بانی غیانا و بەڕازیل ، هەرێمی ئاووهەوای مۆنتانا ناسراوە بەوەی کەوا پلەی گەرمای نزم دەبێتەوە بە پیّ ی هۆکاری بەرزبونەوەی لە ئاستی ڕووی دەریا ، وئەو هەرێمە

پلەی گەرماکەی نزمترە لە هەرێمی کەمەرەیی خولگەیی سەبارەت بە بارانەکەی بە درێژایی ساڵ دەبارێت بڕەکەشی ٧٠٠–١٦٥٠ ملم.

### ٤– هەرێمی ئاووهەوایی خولگەیی بارانی هاوینە/

ئەم هەرێمە ناسراوە بە ئاووهەوایی ساڤانا و بەدیار دەکەوێت لە حەوزی ئۆرینکۆ و ماجدالینا ، هەروەها بە دیاردەکەوێت بە درێژایی کەنارەکانی ڕۆژئاوایی ئەمریکای ناوەڕاست گرنگترین تایبەت مەندییەکانی هاوینەکەی شێدارە و زستانەکەی ووشکە و پلەی گەرمای ساڵانە دەگاتە ٢١ پلەی سەدی ، بەڵام لە وەرزی هاوین بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ٣٢ پلەی سەدی ، و بارانەکەی لە وەرزی هاوین دەبارێت و دەگاتە ٦٣٠– ١٠٠٠ملم

## ٥- هەرێمی ئاووهەوایی مام ناوەندی شێدار /

ئەم هەرێمە پلەی گەرمای زستان و هاوینی مام ناوەندە ، بەلاَم لە هەندێ ناوچە بە تایبەتی لە وەرزی هاوین پلەی گەرمای بەرز دەبێتەوە بە تایبەتی ناوچەکانی باشووری بەڕازیل ، و بڕی باران بارینی کەمتر نی یە لە ٧٦٢ ملم ، دەتوانین ئەم هەرێمە دابەش بکەین بۆ دوو بەش

١- هەرێمی مام ناوەندی شێداری خاوەن بارانی هاوینە/ئەم هەرێمە بەشی باشوری کیشوەرەکە دەگرێتەوە بە تایبەتی لە دەوروبەری کەنداوی لابلاتا ، هەروەها بەشی ناوەڕاستی حەوزی بارانا هەروەها لە باشوری بەڕازیل

٢- هەرێمی مام ناوەندی شێدار خاوەن بارانی زستان و هاوینی ووشك/ ئەم هەرێمە لە ناوەڕاستی شیلی بە دیاردەکەوێت

٦- هەرێمی ئاووهەوای کیشوەری/

ئەم هەرێمە بە دیار دەکەوێت لە باشوری شیلی بە تایبەتی باشوری بازنەی پانی ٤٠ پلەی باشور ، تێکڕایی پلەی گەرمی ساڵانەی ٤- ١٥ پلەی سەدیە ، هەروەها بارانەکەی بە درێژایی ساڵە زیاترە لە ١٠٠٠ ملم ساڵانە ، ئەمەش بە هۆی بوونی بای شێدار و بوونی بەرزی و نزمی.

٧- هەرێمی ئاووهەوای تەندرا/ئەم هەرێمە لە بەشێکی کەم لە کیشوەرەکە بە دیاردەکەوێت لەوپەڕی باشوری کیشوەرەکە بە تایبەتی باشوری بازنەی پانی ٥٠ پلەی باشور و پلەی گەرمای گەرمترین مانگەکانی ساڵی ١٠- پلەی سەدیە، بڕی بارانەکەشی کەمە ٢٥٤ ملمە ساڵانە.

## ٨- هەرێمی ئاووهەوای ووشك و نیمچە ووشك/

سەبارەت بە هەرێمی ئاووهەوایی ووشك (بیابان) بە دیار دەکەوێت لە کەنارەکانی باکوری شیلی و باشوری پیرۆ ،تێکڕایی پلەی گەرما لەم هەرێمە دەگاتە ٢١ پلەی سەدی بارانەکەشی کەمترە لە ٢٥٤ ملم.

بەلآم هەرێمی ئاووهەوایی نیمچە ووشك لە کەنارەکانی ڤەنزوێلا و بەشی ناوەوەی بانی بەڕازایل و بانی پتاگۆنیا و ڕۆژئاوایی ئەرجەنتین بە دیاردەکەوێت ، بڕی بارانەکەی ٢٥٤ -٦٣٥ ملم ، بەلآم پلەی گەرمای جیاوازە بە پیێ ی شوێنی جوگرافی و شوێنی فەلەکی و بەرزی ونزمی .

## ٩- هەرێمی ئاووهەوایی ئەندێز/

ئەم هەرێمە جیاوازە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر بە پێ ی شوێنی فەلەكی و بەرزی چیاكەو ئەو قەدپاڵەی كە دەكەوێتە بەرامبەر بایی شێدار ، چیای ئەندێز لە كەنارەكانی دەریای كاریبی لە باكوردەست پێ دەكات تا دەگاتە ئەوپەڕی باشور و ماوەكەی كەمتر نی یی لە ٦٤٠٠كم

* دەتوانین ئەم هەرێمە دابەش بكەین بۆ سەر سێ بەش:

١- بەشی باكور/ ئەم بەشە دەكەوێتە ناوچەی كەمەرەیی و خولگەیی لە نێوان بازنەی پانی ١٠ پلەی باكور و ١٥ پلەی باشور ، ئاووهەوایی ئەم ناوچە كەوا هێڵی بەفری هەمیشەیی یە بە دیاردەكەوێت لە بەرزایی نێوان ٤٢٠٠-٤٥٠٠م، هەروەها قەدپاڵەكانی ڕۆژهەڵاتی ئەندێز و بارانی زیاترە لەبەر بوونی بای شێدار .

٢- بەشی ناوەڕاست/ ئەو بەشە دەکەوێتە نێوان بازنەی ١٥-٣٧ پلەی باشور ئەو ناوچەیە ناسراوە بەوەی ئاووهەوای ووشکە لەبەر بوونی ناوچەی پەستان بەرز لەو بەشە ، هەوەرها هێلی بەفری هەمیشەیی بە دیاردەکەوێت چەند بەرەو باشور بڕۆین لەسەر بەرزایی ٢٤٠م لەسەر بازنەی پانی ٣٧ پلەی باشور

٣- بەشی باشور/ ئەو بەشە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٧- ٥٦ پلەی باشور ، هێلی بەفری هەمیشەیی لەم بەشە بە دیاردەکەوێت لەسەر بەرزایی ٧٥٠م لەوپەڕی باشور و قەدپاڵەکانی ڕۆژئاوا بارانی زیاتر لە قەدپاڵەکانی ڕۆژهەلاَت